www.kurdistannet.org
18-7-2006 22:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گۆڕانی سیاسی پرۆسەیەکی بازنەیی لە خواستەوە هەتا ئەنجام ... مەهاباد قەرەداغی

پێشەکی و پێناسە:
دەستەواژەی "گۆڕان" خۆی بە تەنها وەک تێرمێکی زانستەمرۆییەکان فرەمانا و فرەڕەهەندە، لە هەموو بوارەکاندا جێگەی بەکارهێنانی هەیە و لە هەر یەکێک لەو بوارە زانستییانەدا مانای تایبەتی خۆی هەیە و پێناسەی جیاوازی هەیە. بەڵام مەبەستی ئەم باسە لە گۆڕانی دیاردەیەکی سیاسییە، بە مانایەکی فراوانتر لەوەی لە ڕیفۆرمی سیاسیدا بەدی دەکرێت. لە ڕیفۆرمدا ئامانجی سەرەکی دووبارە فۆرم دانەوەیە بە دیاردەیەکی سیاسی، بەڵام لەم گۆڕانەدا کە ئێمە مەبەستمانە جگە لە فۆرم ناوەڕۆکدانەوەش بە دیاردەکە دەبێتە بەشێکی تری ئامانجی سەرەکی گۆڕان.
کەواتە بۆ مەبەستی ئەم بابەتە، گۆڕان وەک تێرمێکی سیاسی بەکار دەبەین و لە گۆشەنیگای فەلسەفەی سیاسەتەوە دەشێ پێناسەیەکی بۆ بهێنینە گۆڕێ و، بڵێین: گۆڕان بریتییە لە ئامانجێکی دەستنیشانکراو، کە گواستنەوەی دیاردەیەک یان دۆخێکی سیاسییە لە بارێکی داسەپاو و باوەوە بۆ بارێکی گەشەسەندووتر و نوێتر، ئەمەش لە ئەنجامی دەستکاریکردنی ناوەڕۆک و سترکتووری ئەو دۆخ و دیاردەیە بە ئامرازگەلێکی نوێ و پێوەری پەرەسەندووتر لەوەی لە دۆخی یەکەمدا دیاردەکەی پێ هەڵسەنگێندراوە. بۆ ئەم پرۆسەیەش چەند ئاست و قۆناغێک پێویستن و مەرجە بەواندا تێبپەڕێت تا ئەنجامی پێویست و خوازراوی هەبێت.
حەوتەوانەی گۆڕان
گۆڕان، تەنانەت ئەگەر گۆڕانی بناغەیی (ڕادیکاڵ) یش مەبەست بێت، پێویستی بە پرۆسەیەکی وایە کە شێوەیەکی بازنەیی و بەردەوامی هەبێت و دەستپێک و کۆتایی ئەم پرۆسەیە بەیەکتری بگەنەوە و لە ناوەندی ئەمانەشدا چەند ئاست و قۆناغێکی پرۆگرامیزەکراو هەبێت و کارا بکرێت. لە ئەمڕۆدا کە سیاسەتی جیهانی یان جیهانگیری سیاسەت هەژموونی هەیە و کاریگەری تەواوی لەسەر کۆمەڵگەکانی دنیادا داناوە و ماناکانی کات و شوێنی گۆڕیوە، بۆیە لەو گۆشەنیگایەوە دەکرێ باس لە گۆڕان و پێویستی گۆڕانی سیاسی و سیاسەتە پیادەکراوەکانی ناوچەکەش بکرێت. سەبارەت بە کوردستانیش بە ڕوونترین شێوە کاریگەری سیاسەتی نێونەتەوەیی و گۆڕانکارییەکانی سیاسەت لە جیهاندا بەسەر خۆماندا دەبینین و لەوێوە پێویستی گۆڕانی سیاسەت و هەڵسوکەوتی سیاسی بووەتە پێویستییەکی درەنگکەوتوو، کە چیتر دواخران هەڵناگرێ.
بۆ ئەوەی ڕوونتر مەبەست بپێکین دەکرێ بەم شێوەیە پرۆسە و ئاست و قۆناغەکانی گۆڕان پۆلێن بکەین، کە من لێرەدا بە حەوت قۆناغ و بەجیا ڕوونی دەکەمەوە. من لە لای خۆمەوە ئەم حەوت قۆناغ و ئاستە ناو لێ دەنێم حەوتەوانەی گۆڕان، کە بەم شێوەیەن:
یەکەم: قۆناغی خواستی گۆڕان
هەر گۆڕانێکی سیاسی کە ڕوودەدات لە سەرەتادا پێویستی بە هەبوونی مەیل و خواستێکی بەهێزە، لە لایەن کۆمەڵەکەسێکەوە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بەو دیاردەیەوە کە پێویستی بە گۆڕانە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەئەو دیاردەیە لەو دۆخەی خۆیدا لەگەڵ پێوەرەکانی ئێستا (هاوچەرخ) دا ناگونجێ و لەنگی و ناهەوسەنگی بە نیسبەت هاوکێشە هاوچەرخەکانی سیاسەت لە دەوروبەر و لە دنیادا، دروست کردووە. مەیل و خواستی ئەو گۆڕانەش خۆرسک نییە و بەخۆڕایی و لە هیچەوە دروست نابێت، هێندەی ئەوەی گۆڕانەکانی دەوروبەری دیاردەکە و کاریگەرییان لەسەری، دەیکەنە پێویستییەک و دەیسەپێنن. لە نێو کۆمەڵگەیەکدا خواستی گۆڕان بە شێوەیەکی گشتی لای کەسانی داهاتووخواز و گەشبین سەرهەڵدەدات، لە نێو چینی ڕووناکبیرانی ئەو کۆمەڵگەیەوە داخوازییەکە چەکەرە دەکات و

دەخرێتە ڕوو، ئینجا لە لای کەسانی گۆڕانخواز کەلە نێو حیزب یان هەر جۆرە ڕێکخراوێکی تری سیاسیدا کاران، ئەم خواستە شێوە دەگرێ و دێباتێکی نێوخۆیی لەنێو ئەو ڕێکخراوەدا دەخولقێنێ و بابەتەکە تاوتوێ دەکرێت.
وەک ڕەوتێکی سروشتی هەنگاوەکان بەرەو پێشەوە دەنرێن و شێوەی ئاسایی ڕەوتی مێژوویی دیاردە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی دنیا بۆ پێشەوە بووە، بۆیە پێشکەوتنخوازی لای گۆڕانخوازان ئەو چاویلکەیەیە کە ئایندەی لێوە روونتر دەبینرێت.
هەبوونی مەیل و خواستی گۆڕان لە لای هەر کەسێ مەرج نییە گۆڕانی سیاسی دروست بکات، بەڵام هەبوونی ئەم مەیل و خواستە و پێگەیشتی ویستی گۆڕان لە لای خاوەن بڕیارەکان دەتوانێت ببێتە دەستپێکی گۆڕانی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکدا. هەبوونی ئەو خواستە لە لای ڕووناکبیرانی کۆمەڵگەیەک (با خاوەنی بڕیاری سیاسیش نەبن) لەو ڕووەوە گرنگە کە زەمینەکە دەسازێنێ و دەتوانێ ڕێنوما بێت، چونکە خاوەنی دەسەڵاتێکی فیکرییە و فیکریش ڕووگەنومای هەر گۆڕانێک و پێشڤەچوونێکە لە نێو کۆمەڵگەدا.
دووەم: قۆناغی سنووردارکردن
لەم قۆناغەدا پێویستە دوای دەربڕینی ئەو مەیلە بۆ گۆڕان و ئامادەسازی بۆ کاراکردنی خواستەکە و ئامادەیی لایەنێکی دیاریکراو بۆ وەرگێڕانی ئەو خواستە لە قۆناغی تیۆرییەوە بۆ قۆناغی کردەوە، کاتی ئەوە دێت دیاردەکە و ئەو خاڵە سەرەکییانەی کە پێویستیان بە گۆڕانە دەستنیشان بکرێن.
لەم ئاستەشدا پشکنینێکی وردبینانەی دیاردەکە بە چاویلکەیەکی دیاردەناسییەوە پێویستە، بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانەی دەکرێت تەنها لە شێوەدا نەبێت و خاڵە لاوەکی و ناپێویستەکان نەگرێتەوەو ناوەڕۆک و مەبەست بگرێتەوە. چونکە هەندێ جار شێوەخوازانی نێو کۆمەڵگەیەک مەیلێکی ڕووبەڕی دەردەبڕن بۆ گۆڕان و لە بۆتەی لاساییکردنەوەیەکی پەتیدا دەمێنێتەوە و هەندێ ڕووکاری دیاردەیەک دەستکاری دەکرێن کە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت و شەپۆلێکی ئەوتۆ نادەنە کۆمەڵگە کە لە قۆناغێکی چەقبەستوودا هەڵیکەنێ و بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر بیگوێزێتەوە.
چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر ناوکی گۆڕان، بۆ ئەو مەبەستەیە کە پارێزگاری لە تواناکان و تواناکارییەکان بکرێت لە بەکارهێناناو، بۆ مەبەستی بایەخدار وەگەڕبخرێن و بە کارکردن لەسەر شتە کەمبایەخ و لاوەکییەکان بەهەدەر نەدرێن. لەم قۆناغەدا پۆلێن کردنی خاڵەکان و دابەشکردنیان بەسەر گرنگ و گرنگتر و گرنگترین ئەو بایەخەی هەیە کە پێشترێتی دەدەی بە پێویستترین و گرنگترینەکان، کە ئامانجی ناوەڕۆکخوازانە لە گۆڕانێکی سیاسیدا.
سێیەم: قۆناغی ناساندن و هەڵسەنگاندن
هەڵسەنگاندنی دیاردەی سنووردارکراو و دەستنیشانکراو بۆ گۆڕان لە بارودۆخی ساتەوەختی (ئەکتوێل) و ناسینی تەواوی دیاردەکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی وردەوە دێتە دەست. بێگومان هەڵسەنگاندن بە چاوێکی بێلایەنانە (نیوترال) و زانستی و بەکاربردن و نرخاندنی لۆژیکی دەبێتە گوزارەکردنێکی ڕاستەقینە لە دیاردەی مەبەست و خاڵە پۆلێنکراوەکانی.
بەو پێیە دەکرێت هەموو گۆشە و کەنارەکانی دیاردەیەک لە هەموو گۆشە و کەنار و ئاستێکیدا ببینرێت و ڕەچاوی دۆخەکانی پێشووتر و ئێستای بکرێت بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە دۆخی بەراوردکارانە لە کاتی ئەزموونکارییەکان. لەم قۆناغەدا هەڵسەنگێنەر و ناسێنەری ئەو دیاردەیەی کە پێویستی بە گۆڕانە، پێویستی بە کاری (پرۆفیشناڵ) پسپۆرانەیە، چونکە ئەگەر مەبەست لە گۆڕانێکی ڕێک و پێک بێت پێویستە لە هەموو ڕوویەکیەوە پێوراو بێت و پێوەرەکانیشی زانستی و هاوچەرخ بن نەک کۆن و هەڕەمەکی و باو.
چوارەم: قۆناغی هەڵبژاردنی پێوەری گۆڕان

دۆزینەوەی پێوەری نوێ، بیرکردنەوە لە سترکتوری نوێ و ناوەڕۆک و مانای نوێ بە دیاردەی دیاریکراو، یەکێکە لە خاڵەبنچینەییەکان لە پرۆسەی گۆڕانی سیاسیدا. بێگومان هیچ کاتێک گۆڕان لە پێناوی ئەوەدا نییە کە دیاردەیەک بۆ دۆخێکی ڕابردووتری بگەڕێندرێتەوە، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین ناشێ گۆڕان بە مەبەستی بردنی دۆخی دیاردەیەک بێت بۆ دواوە، بەڵکە وەک ڕەوتێکی سروشتی ئاراستەکردنی گۆڕان بۆ پێشەوە و بەرەو داهاتووە. کەواتە هەمیشە تازەترین پێوەری هاوچەرخ ئەلتەرناتیڤی پێوەری باوە لە پرۆسەی گۆڕانی سیاسیدا.
ئەگەر گۆڕان بە هەمان پێوەرەکانی دۆخەکانی پێشوو بکرێت، تەنها بۆیەکردن و ماکیاجکردنی ڕووخساری دیاردەیەکە و هیچی تر، واتە تەنها ڕواڵەتی دیاردەکە دەگۆڕێت نەک ناوەڕۆکی، کە ئەمە نابێتە گۆڕانێکی بایەخدار، بەڵکە تەنها لە قاڵبی نەریتیدا دەمێنێتەوە، کە زیاتر لە داموەزگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە نەریتییەکاندا باوە و بۆ چەواشەکردن و خاپاندن دەکرێت. جگە لەوانەش پێویستە پێوەرەکان زانستی بن و لەسەر بنچینەی لۆژیکی سەردەمیانە بنیاتنرابن و بگونجێندرێن بەو شێوەیەی کە قابیلی پیادەکردن بن. بۆ نموونە کە باسی نوێکردنەوەی ڕێکخراوێکی سیاسی یان دیموکراتیزەکردنی سیستەمی ئۆرگانێک یان دەزگایەکی دیاریکراو دەکرێت لە ئەمڕۆدا، پێویستە ئەو پێوەرانە بناسرێن کە فیکری دیموکراتی بەرهەمی هێناون، ئەو پایانە بناسرێن کە سیستەمی دیموکراتیان لەسەر بنیاتنراوە و ئەو شەپۆل و گەشەسەندنانە بناسرێن کە لە دیرۆکدا بەسەر دیموکراتی و بزوتنەوە دیموکراتییەکاندا هاتوون.
بۆ نموونە: بنچینەییترین پایەی دیموکراتی پرنسیپی یەکسانییە، ئاخۆ بە بێ ئەم بنچینەیە دیموکراتیزەکردن مانایەک دەدات؟ یەکێکی تر لە پایەکانی دیموکراتی ئازادی بیروڕا و چاپەمەنییە، ئاخۆ دەبێت هاوکات باس لە گۆڕان بکرێت و ئەم ئازادییە فەرامۆش بکرێت؟ یەکێکی تر لە پایەکانی دیموکراتی سیستەمی هەڵبژاردنی ئازاد و دەنگدانە بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێک نە نوێنەرایەتی گەل بکات، ئاخۆ بە بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی گەل ئەم پایەیە سەقامگیر دەبێت؟ کەواتە پێوەرە ڕاستەقینەکانن دەبنە بڕیاردەر لە گۆڕانی ڕاستەقینەدا، هەرچی پێوەرە بەکارهاتووە باوەکانیشن هیچ ئاکامێکیان نابێت و پەکی گۆڕانی ڕاستەقینە دەخەن.
پێنجەم: قۆناغی پلانی گۆڕان
هەڵبژاردنی پێوەری لۆژیکی و ڕاستەقینە، سووربوون و ڕەسەنبوونی ئەو مەیلە دەردەخات کە کەسانێکی نێو ڕێکخراوە سیاسییەکان دەریدەبڕن و بۆ ڕای گشتیش ئاشکرای دەکەن و بابەتەکەش دەبێتە گفتوگۆی ڕۆژ لەو کۆمەڵگەیەدا.
دوای پەسەندکردنی ئەو پێوەرە هاوچەرخ و لۆژیکییانە، قۆناغی پلان دانان دێت. لە قۆناغی پلاندانانندا دەستنیشانکردنی پسپۆڕی تایبەت بۆ خودی دانانی بەرنامەی گۆڕانەکە و بۆ پراکتیزەکردنی هەر یەک لە بەرنامەی قۆناغەکان، پێویستن. ئەمانە بۆ ئەوەن هەنگاوەکان تێکەڵ بە یەکترنەبن و، سەرلێشێواوی نەیەتە ئاراوە. تیمکاری ئەم پسپۆڕانە دەبێتە مەرجێک بۆ سەرکەوتنی پرۆژەیەکی گۆڕانکاری. گۆڕانخوازان مەرجە پشت بەمیتودە پێشکەوتووەکانی پرۆسەی گۆڕانی سیاسی ببەستن.
سوودوەرگرتن لە ئەزموونی گەلان و وڵاتانی هاوشێوە لە قۆناغی هاوشێوەدا وێنەیەکی پێشوەخت دەخاتە بەرچاو، هاوکات توانای پێشبینیکردنی سەرکەوتنی پلانەکە و ئەنجامەکەی زیاتر دەکات. تیمی ناوبراو دەکرێ پێشوەخت یان لە کاتی پلاندانانندا خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵگە هاوشێوەکان بکەن، هاوکات و هاوتەریب خوێندنەوەی کۆمەڵگەی مەبەست، دەبێتە هۆی بەرچاوڕوونی لە کردەی جووتکردنی وێنەکان و بینینی سیماکانی گۆڕان.
وەک چۆن جوڵەی جەستە و ئاکارەکانی مرۆڤ سەنتەرێکیان هەیە و لە مێشکدایە و لەوێوە فەرمان دەدرێ بە ئەندامەکان و ئۆرگانەکانی تری جەستە بۆ جوڵان و چالاکی، ئاواش لە گۆڕانی سیاسیدا

سەنتەرێکی بیرکەرەوە و پلاندانەر پێویستە کە ئاماژە بدات بە چۆنێتی جوڵەی هەر بەشێکی ئەو ئۆرگانە لە کاتی پێویستیدا. هەیکەلی پلانەکەش دەکرێ وەک بڕبڕەی پشتی پرۆسەی گۆڕان دابنرێت، بۆ ئەوەی جوڵە و کارەکان سیستەماتیکی بن و پێش و پاشی یەکتری نەکەون.
لە زۆر کاتدا نەبوونی سیستەم لە ڕێکخراوێکدا، یان لە دەزگایەکی حیزبی یان دەوڵەتیدا قەیران بۆ ئەو لایەنە دەخوڵقێنێ. بێ سیستەمی ئەگەر لە کورتخایەندا زیانێکی بەرچاو بە خاوەنەکەی نەگەیەنێت، لە درێژخایەندا ئەو ڕێکخراوە یان ئەو دەزگا و ئۆرگانە بنکۆڵ دەکات و بەشەکانی لەبەر یەک هەڵیدەوەشێنێتەوە و گەندەڵییش وەک ئاکامێکی سروشتی ئەو دۆخە و ئەو ئۆرگانە بنکۆڵبووە، دەردەکەوێت. لەبەر ئەو هۆیانە و لەبەر خودی گرنگی کارکردن بە پێی سیستەم لە قۆناغی نوێدا، ئەوەی یەکەم شت بیری لێ دەکرێتەوە لە گۆڕانی سیاسیدا، بە سیستەمکردنی ئەو ئۆرگانەیە و، بەسیستماتیکی کارکردن و پلاندانە، بۆ ئەوەی گۆڕانێکی ڕێک و پێک بێت و ئامانج بپێکێت.
شەشەم: قۆناغی پراکتیزەکردنی پلانی گۆڕان
کاراکردنی پلانەکە و چاوەدێری کردنی هەر یەک لە قۆناغەکانی و پێداچوونەوەی و ڕاستکردنەوەی لەنگییەکانی ئەو پلانە کە لە کاتی کارپێکردندا دەردەکەون، پێکهێنەری ئەم قۆناغەن. بۆ ئەم مەبەستەش چاوی سێیەم پێویستە بۆ چاودێریکردنی هەڵە و کەموکوڕییەکان، بەڵام مەرجە چاوی سێیەم چاوێکی پاک و گۆڕانخواز بێت. مەبەست لە چاوی پاک لێرەدا ئەوەیە کەسانێک کە ئەرکی چاودێری سیاسی دەگرنە ئەستۆی خۆیان، ئیدی وەک ئەرکێکی خۆبەخشانە بێت یان بۆ ئەو مەبەستە دامەزرابن، گرنگە ئامانجیان ڕێڕەوی پێشڤەچوونی پرۆسەکە بێت، نەک سەرنجیان لەسەر ئاکاری تاکەکەس و ئەم یان ئەو ئەندامی گروپە جیاوازەکان سەقامگیر بێت و ڕەوتی گشتی پرۆسەکە نەبینن.
هەروەها مەرجە دۆستی ئەو لایەنە بن کە بڕیاردەری گۆڕانی سیاسییە، بۆ ئەوەی نیازپاکانە کارەکانی خۆیان وەک چاودێرێکی نیازپاک و ئایندەخواز ئەنجام بدەن و متمانەیەکی دوولایەنە لە نێوانی ئەوان و لایەنی گۆڕانکار دروست ببێت. هەروەها گروپی چاوی سێیەم، مەرجە خۆشیان لەو کەسانە بن کە خواستی گۆڕانخوازییان هەبێت و ئامانجیان دروستکردن و بنیاتنان بێت، نەک ڕووخاندن و بەجێهێشتنی وێرانەکە، بۆ ئەوەی ڕەخنە و سەرنج و بۆچوونەکانیان خزمەت بە پرۆسەی گۆڕانی سیاسی بکات و بە دڵنیاییەوە گوێیان لێ بگیرێت و سەرنجەکانیان ڕەچاو بکرێت.
جگە لە چاودێرانی گروپی چاوی سێیەم، دەسەڵاتی چوارەمیش دەتوانێت لە هەر یەک لە قۆناغەکاندا و بە گشتیش چاودێری پرۆسەی گۆڕان بێت، بەڵام مەرجە دەسەڵاتی چوارەم لەم پەیوەندییەدا هەڵسەنگێنەرێکی نیوتراڵ بێت، نەک نرخێنەرێکی لایەندار کە چاوپۆشی لە هەڵەی زەق و گەورە بکات و لە هەمان کاتدا کەموکوڕی بچووک زەق و گەورە بکاتەوە.
دەسەڵاتی چوارەم بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی وەک پێویست ئەنجام بدات پێویستی بە ئۆتۆنۆمی خۆی هەیە، چونکە هەتا پەیوەست و پەیوەندیدار بێت بە دەسەڵاتەکانی ترەوە، ناتوانێ ئەرکی خۆی بە نیوتراڵی جێبەجێ بکات و، دەسەڵاتەکانی تریش ددان بە توانا و دەسەڵاتیدا نانێن و ڕەچاوی سەرنج و بۆچوونەکانی ناکەن.
حەوتەم: قۆناغی ئەنجامگیری و گەشەپێدان
هەر هەمان تیمی پسپۆڕ و پلاندانەر دەتوانن لەم قۆناغەدا ئەرکی هەڵسەنگاندنی ڕووکار و نێوکاری پرۆسەکە بە گشتی و یەک بە یەکی قۆناغەکانیش بە تایبەتی، بۆ خستنەڕووی ئەنجامی ئەو پرۆسەی گۆڕانە، وەئەستۆ بگرن. بۆ ئەم ئەزموونەش دیسانەوە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن بایەخدارن و هاوچەرخبوونیان مەرجە لە وردبینی و بەراوردکردندا. بۆ ئەوەی بزانرێت پلانی گۆڕان لە پراکتیکدا و لە دوای هەر یەک لە قۆناغەکانی پرۆسەکە چەند بە ئەنجام گەیشتوون لێکۆڵینەوەی ئەزمونکاری، پشکنکاری و بەراوردکاری لە نێوان دۆخەکانی پێشووی و ئێستای دیاردەکەدا پێویستە. چاوی سێیەم و

دەسەڵاتی چوارەم لەم قۆناغەشدا جێگەی بایەخێکی زۆرن و، بۆچوون و کۆمێنتارەکانیان پێویستە بۆ ئەوەی پسپۆران لەگەڵ سەرنج و تێبینییە زانستییەکانی خۆیاندا بیگونجێنن و جووتی بکەن.

دەکرێ ئەم قۆناغە هەم بە کۆتایی و هەم بۆ دەروازەی سەرەتایەکی تر و بەردەوامییەکی ئەو گۆڕانە ناوببرێت. دانانی گروپی گەشەپێدەر و چاودێر بۆ هاوسەنگکردنەوە و تەواوکردنەوەی پرۆسەکە لە کاتی سەرهەڵدانی کەموکوڕی دا پێویستە، چونکە بارودۆخ و دەوروبەر ڕاناوەستێ و بەردەوام بەرەو پێشەوە دەبزوێ و لە گۆڕاندایە، کەواتە پێویستی گۆڕان دەبێتە پێویستییەکی بازنەیی و هەردەمی بۆ ئەو دیاردە سیاسییەش کە گۆڕانی بەسەردا هێنراوە.

بە جێهێشتنی گۆڕانێکی سیاسی بە بێ هەبوونی پلانێکی گەشەپێدەرانەی بەردەوام، بە مانای ئەوە دێت، کە کۆتاییەک دەستنیشان کرابێت. وەک وتمان بۆ سەرگرتنی بەرنامەیەکی وا، گۆڕان پێویستە بازنەیی و بەردەوام بێت. نموونەی خوارەوە بازنەی بەردەوامی پرۆسەی گۆڕانی سیاسییە، بە پێی پۆلێنکردنەکەمان.

کاریگەری دوولایەنەی گۆڕانەکان و ئۆرگانەکان

بەهۆی کاریگەری دوولایەنەی ئۆرگانەکانی نێو کۆمەڵگە و دیاردەکان لەسەر یەکتری، هەموو ئۆرگانێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری یان سیاسی کاریگەرییان بۆ سەر یەکتری هەیە و گۆڕانەکانی دەوروبەریشیان داخوازی گۆڕانیان بۆ دەهێنێتە گۆڕێ. هەر ئۆرگانێک، لە هەر چەند ساڵێک جارێک پێویستی بە هەڵسانگاندنەوەی بارودۆخ و زەمینی پیادەکردنی بەرنامەکانی هەیە و، لە ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنەوە دەگاتە ئەو بڕوایەی لە چ ئاستێکدا پێویستی بە گۆڕان یان خۆگۆڕین هەیە. جگە لە خۆگۆڕینی بناغەیی کە دەکرێ لە کاتی گۆڕانە زەقەکانی دەوروبەرەوە، یان کارەسات و ڕووداوە مێژوویی و چارەنووسسازەکان دا ببێتە پێویستی، بە شێوەیەکی بەردەوامیش پێویست بە ڕەچاوکردن و چاودێریکردنی گۆڕانەکانی ژینگە و پێگەی کۆمەڵگەکە و ئۆرگانەکان یان ڕێکخراوەکانی بکرێت، بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا گۆڕان دروست بکرێت نەک دوابخرێت و کارەکە قورس و ئاڵۆز ببێتەوە، چونکە کەڵکبوونی ئەو هەموو پێویستییانەی گۆڕان و نەکردنیان لە کاتی خۆیدا، تا دێ کارەکە زەحمەتتر دەکاتەوە. مرۆڤ دەتوانێت پرۆسەی گۆڕانی سیاسی لە ڕێکخراوێکی سیاسیشدا ڕێک وەک پرۆسەی گۆڕانی تاکەکەسێک ببینێت، بۆ نموونە مرۆڤێک (ژن بێت یان پیاو) لە کاتێکدا زگوردە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە و بەرپرسیارێتی و ئەرک و مافەکانیشی لەو پێگەیەوە (پێگەی زگوردی) پێوراوە، بەڵام کە ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە دەنێت پێگەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ و وەک هاوسەردارێک بەرپرسیارێتییەکانی زیاتر دەبێتەوە و ئەرک و مافەکانیشی بە پێی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە نوێیەی (پێگەی هاوسەردارێک) دەپێورێت. لە قۆناغێکی تردا منداڵیان دەبێت و پێگەی کۆمەڵایەتییان دیسانەوە دەگۆڕێت و دەبن بە باوک و دایک، بەرپرسیارێتییان زیاتر دەبێت و ئەرک و مافەکانیانیشیان بە پێی پێگەی قۆناغی نوێیان (پێگەی باوک و دایک) گۆڕانی بەسەر دێت.

حیزبێکی سیاسیش کە لە سەردەمی ئۆپۆزیسیۆندایە و لە قۆناغی خەباتکردنە بۆ لابردنی سیستەمێکی نەخوازراو و دانانی سیستەمێکی تر کە خۆی پێشنیاری دەکات و ئەو سیستەمەش هێشتا لە قۆناغی تیۆریدایە و مەیدانی ئەوەی نەبووە لە پراکتیکدا بە ئەنجامی بگەیەنێت و ئەزمونگەرانە لە کەموکوڕییەکای بڕوانێ، لەو دۆخەدا بەرپرسیارێتییەکەشی سنووردارە و مافەکانیشی سنووردارن و توانای ماددی و مەعنەویشی لەو پێگە سیاسییەوە سەرچاوە دەگرن کە وەک ئۆپۆزیسیۆن پێناسەی کردوون و چاوەڕوانی خەڵکیش لێیان لەو سنوورە دیاریکراوەدایە. ئەم پێگەیە ڕێک وەک ئەو تاکە زگوردەی کە ئاماژەمان پێدا وایە. بەڵام کە سیستەمی پێشوو ڕادەماڵێ و مەیدانی بۆ ساز دەبێت سیستەم و ئەڵتەرناتیڤی خۆی بخاتە گەڕ و بواری ئەزموونەوە، ئەودەم بەرپرسیارێتییەکەی زۆرتر و قورستر دەبێتەوە و قۆناغێکی تر دەست پێدەکات کە قۆناغی فەرمانڕەواییە. لەم پێگەیەدا

بەرپرسیارێتییەکەی زۆرتر و قورسترە و دەبێت بە پراکتیک ئەنجامیان بدات، مافەکانیشی زۆرترن و بە کردەوە هرەیان لێوەردەگرێت، چونکە توانای ماددی لەو پێگەیەدا زۆرترەو سامانی وڵاتی بە دەستەوە دەبێ. توانای مەعنەوی و هێزی مەعنەویشی زۆرترە و هێز و تواناکارییە زانستی و کلتووری و کۆمەڵایەتی و سەربازییەکانیشی لەبەردەستدایە و پسۆرانی هەموو بوارەکانی هەیە سوودیان لێ وەربگرێت و لە کارکردندا بەکاریان بهێنێت، چونکە لەم دۆخەدا توانایی مرۆیی کۆمەڵگە لە ئیختیاری ئەودایە، بۆیە لەم قۆناغەدا بەرنامەی ئەو ئۆرگانە سیاسییە فەرمانڕەوایە پێویستی بە گۆڕانێکی سیاسی ورد و پلاندارە بەهۆی ئەو گۆڕانەی کە لە پێگەی سیاسیدا ڕوویداوە. لەم دۆخەدا دەکرێت بە قۆناغی دووەمی ئاماژەپێدراوی بچوێنین کە نمونەی دۆخی هاوسەردارییی بوو، کە لەم دۆخەدا پەیوەندییەکی دوولایەنەی بۆ پەیدا بووە. خەڵک و فەرمانڕەوا وەک پەیوەندییەکی هاوسەرداری ئەرک و بەرپرسیارێتییان بەرامبەر بە یەکتری هەیە و بەرامبەر بەوەش هەر یەک چاوەڕێی ئەوە دەکات کە بە مافەکانی خۆی سودمەند بێ و هاوسەنگی لە نێوانیاندا هەبێت. وەک چۆن ناهاوسەنگی لە ئەرک و مافدا لە نێوان دوو هاوسەر لە خێزاندا ئاژەوە و بشێوی دروست دەکات، بە هەمان شێوەش ناهاوسەنگی لە نێوان خەڵک و فەرمانڕەوادا لە پیادەکردنی بەرپرسیارێتی بە شێوەیەکی دروست و گونجاو لەگەڵ پێگەی نوێدا و، لە پیادەکردنی ئەرک و مافەکانی هەر لایەکیاندا بشێوی و ئاژاوە دروست دەکات.

لە قۆناغی سێیەمیشدا کە دەکرێ وەک لە نمونەی ئامازەپێدراودا باسمان کرد، بە خێزانێکی منداڵدار بیچوێنین، ئەوەیە کە لە کاتی گۆڕانی چارەنووسساز و بنەڕەتی لە دەوروبەری ئەو کۆمەڵگەیەدا، "بۆ نموونە هەڵگیرسانی جەنگێک لە ناوچەکە، لە وڵاتێکی دراوسێ بێت یان هەمان وڵات" پێگەی ئەو کۆمەڵگەیەش خۆبەخۆ گۆڕانی بەسەر دێ و بەرپرسیارێتی زیاتر دەبێتەوە و پێویستە پلانێکی سیاسی وای هەبێت کە لەگەڵ پێگەی نوێیدا بگونجێت. چونکە حیزب ئۆرگانێکی زیندووە و کاریگەری هەیە لەسەر دەوروبەری خۆی و دەوروبەریش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری تێدەکەن، بۆیە پێویستی بە خۆبنیاتنانەوەیە لە هەر قۆناغێک و بە پێی هەر پێگەیەکی سیاسی و نوێ کە دەیبێت، گۆڕانی سیاسی دەست پێبکات و بە شێوەیەکی بازنەیی و بەردوام کاری بۆ بکرێت.

گۆڕان لە حیزبی سیاسیدا:

گۆڕان یان دەتوانین بە گوزارە زۆربەکارهاتووەکەی بڵێین ڕیفۆرمی بنچینەیی یان شێوە و ناوەڕۆکدانەوەی ڕادیکالانەی بە ڕێکخراوێکی سیاسی، یا حیزبێکی دیاریکراو، تەنها بە هەبوونی خواستێکی پەتی و بە تیۆری ناکرێت، بەڵکە بە پرۆسەیەک دەکرێت کە کەسانی لێزان پلانێکی تەواو تۆکمەی بۆ دابنێن.

بەرنامەیەکی گۆڕان یان ڕیفۆرمی بنچینەیی لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا، ئەگەر تەنها سەرانی ئەو ڕێکخراوە دایاننابێت، ڕیسکی ئەوەی هەیە ڕیفۆرمێکی ڕواڵەتی بێت، بەهۆی ئەوەی کە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی کۆمەڵگە و کاریگەرییە دەرەکییەکانی بە وردی و زانستانە بۆ نەکرابێت. چونکەحیزبێک ئۆرگانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیشە و کار دەکات و کاردانەوەی دەبێت لەگەڵ کار و کاردانەوەی ئۆرگانەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە، کەواتە مەرجە دانەرانی پلانی ڕیفۆرم لە حیزبێکدا پسپۆرانی چەندان بواری زانستی جیاواز بن و بە شیوەی تیمێکی گونجاو و دیموکراتی کار بکەن و بەرنامەی ئەو ڕیفۆرمەیان دانابێت. لەناو تیمێکی وادا پسۆرایەتی بە تایبەتی لەم بوارانەی خوارەوەدا پێویستە هەبێت:

- سیاسەتناس
- کۆمەڵناس
- دەروونناس
- دەروونناسی کۆمەڵایەتی

- دەروونناسی سیاسەت
- کۆمەڵناسی سیاسەت
- دیاردەناس
- کلتوورناس
- مرۆڤناس
- ئابووریناس
- فێمینیستناس
- یاساناس و مافناس

هەبوونی تیمێک بەم هەموو پسپۆرایەتییەوە پێویستە بۆ سەرکەوتنی پرۆژەیەکی گۆڕان لە هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا. مەرج نییە لە نێو سەرکردایەتی ئەو حیزب و ڕێکخراوە خۆی دا ئەم هەموو پسۆرانە هەبێت، بۆیە دانانی بەرنامەی وا لە لایەن سەرکردایەتی ڕێکخراوێکەوە بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو گۆشەنیگا و پسپۆرایەتییانە، کەموکوڕی دەخاتە نێو پرۆژەکەوە هەر لە قۆناغی تیۆرییەوە و، بێگومان لە پراکتیکیشدا زەقتر کەموکوڕییەکان دەردەکەون و خاوەنی پرۆژەکان گیرۆدە دەکەن و مەیلیان سارد دەبێتەوە و ڕەشبین دەبن پێی، چونکە ئەوەی کە لە تیۆریدا دایانناوە، لە پراکتیکدا کورت دەهێنێت. ئەوانەشی کە چاوەڕێی گۆڕان دەکەن لەو ڕێکخراوە، ڕەشبین دەبن و زۆربەی جاریش ئەو هەستەیان بۆ دروست دەبێت کە ئەو پرۆژەیە تەنها بۆ چاوبەست و ڕازیکردنی ئەوان بێت و مەیلی ڕاستەقینەی گۆڕان نەبێت.

بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی گۆڕان بە کۆلانێکی بنبەست نەگات و بە کردەوە ئەنجام بدات بە دەستەوە، مەرجە سەرکردەکانی ئەو حیزبە یان ئەو ڕێکخراوە خۆیان و کادیرانی پێشکەوتووی خۆیان ڕۆڵی جێبەجێکار ببینن و، پسپۆران (ی باوەڕپێکراوی خۆیان) ڕابسپێرن بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ گۆڕان.

ڕەنگەتەنها پسپۆرایەتی بەس نەبێت بۆ ئەوەی تیمێکی پلاندانەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە دانانی بەرنامە و لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا، پسۆرایەتیش و سیفەتی دیموکراتی پلاندانەران و جێبەجێکارانیش مەرجی سەرەکین لەو بابەتەدا، لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنیان بۆ بارودۆخی حیزبەکە و کۆمەڵگە پشتبەستووبێت بە زانستەکانی سیاسەت، کۆمەڵناسی، دەروونناسی سیاسەت، دەروونناسی کۆمەلایەتی و مرۆڤناسی و کلتوورناسی و هتد. دووەمیشیان لەبەر ئەوەی سیفەتی دیموکراتی لە کەسایەتی ئەو تیمەدا وا دەکات بۆچوونەکانی یەکتری کە لەسەر بنچینەی زانستەکان و ڕیاڵیتەی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەو ولاتە قبوڵ بکرێ و بە نەریتێکی زانستییانەی پشتبەستوو بە بەڵگە و بە پێوەری ڕەوا و برەودار گفتوگۆی بکری و دوای پەسەندکردنی بەباوەڕەوەی زۆربەیان، ئینجا دابڕێژرێت.

گۆڕانی سیاسی لە کۆمەڵگەی نەریتیدا:

لە ولاتانی گەشەنەسەندوو، کە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی لەم جۆرەیە، ڕێکخراوە سیاسییەکان سترکتوورێکی نەریتییان هەیە و کلتووری سیاسییان هاوجووتە لەگەڵ کلتووری نەرێنی کۆمەڵگە، بۆیە ڕێکخراوی سیاسی لەم جۆرە ولاتانە نابێتە گوازەرەوەی کۆمەڵگە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر کە لەگەڵ گۆڕانەکانی دەوروبەر و دنیادا بگونجێن، بەڵگە گواستنەوەی قۆناغەکان لەخۆوە و بێ پلان و بێ کۆنتڕۆڵکردنە، واتە ئەگەر گەشەسەندنیش ڕووبدات، پەرەسەندنێکی خۆڕسک و هەڕەمەکییە.

حیزب لە کۆمەڵگە نەریتی (تەقلیدی) یەکاندا زۆر درەنگ دەست بەو گۆڕانانە دەکات کە پێویست دەبن و قۆناغەکانیان دێ و بەسەر دەچێ، بۆیە کە دەست بە بەرنامەی ڕیفۆرم دەکرێت، ئاڵۆزی زۆری تیا

ده‌رده‌كه‌وێت و پێویستی گۆڕانی زۆری به‌سه‌ر یه‌كتردا كه‌ڵه‌كبوو سه‌رلێشێواندنێک دروست ده‌كات. له‌و دره‌نگ وه‌خته‌دا خواست و مه‌یلی گۆڕان لای بڕێكیان سه‌رهه‌ڵده‌دات، به‌ڵام به‌رنامه‌ی ئه‌و ڕیفۆرمه ته‌نها خودی سه‌رانی حیزبه‌كه دایده‌نێن، ئه‌وانیش (گریمان پسپۆریش بن) ته‌نها له بواری سیاسه‌تدا لێزانن نه‌ک له بواره‌كانی تر، بۆیه پرۆژه‌كه كه‌موكوڕی تێده‌كه‌وێت و له كاتی پراكتیكدا ده‌یان گرفتی ڕاسته‌قینه له‌به‌رده‌م پیاده‌كردنیدا دروست ده‌بێ و ده‌بێ به به‌ربه‌ست بۆ جێبه‌جێكردنی پرۆژه‌كه.

پشت به‌ستنی ته‌نها به پسپۆری بواری سیاسه‌ت له به‌رنامه‌ی ڕیفۆرمی حیزبێكدا پێشبینی ئه‌وه‌ی لێده‌كرێت كه ئه‌نجامێكی دڵخوازانه یان ئه‌نجامێكی پێویستی نه‌بێت. تیمێكی پلانده‌ر بۆ پرۆژه‌ی ڕیفۆرمی حیزبێک جگه له پسۆرانی بواره ناوبراوه‌كان، مه‌رجه له هه‌ردوو توخمی ژن و پیاوی تێدا بێت، مه‌رجه ته‌مه‌نی جیاوازی تێدا بێت و به تایبه‌تی گه‌نج، چونكه گه‌نج كارای مه‌یدانی ئه‌مڕۆی زۆربه‌ی حیزبه‌كانه و خاوه‌نی دواڕۆژی ئه‌و حیزبه‌یه. مرۆڤ ته‌نها له كاتی پیاده‌بوونی ئه‌و مه‌رجانه و ئه‌و هه‌ل و مه‌رجانه‌دا، ده‌توانێت به به‌رنامه‌ی ڕیفۆرمی حیزبێک گه‌شبین بێت و چاوه‌ڕوانی ئه‌نجامێكی دڵخوازانه‌ی لێ بكات.

حیزبی پێشڕه‌و یان حیزبی فه‌رمانڕه‌وا
له كۆمه‌ڵگه پێشكه‌وتووه‌كاندا

له وڵاتانی گه‌شه‌سه‌ندوودا پێوه‌ری حیزبی پێشڕه‌و كه به‌هۆی ئه‌و پێشڕه‌وایه‌تییه‌وه جڵه‌وی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی كۆمه‌ڵگه و وڵات به‌ده‌سته‌وه ده‌گرێت، ئه‌وه‌یه كه به‌رنامه‌یه‌كی فره‌لایه‌نتر و فره‌گره‌وه‌تری هه‌بێت له به‌رنامه‌ی هه‌موو حیزبه‌كانی دی كه كێبه‌ركێی سیاسی له‌گه‌ڵ ده‌كه‌ن. به‌رنامه‌ی حیزبی پێشڕه‌و له وڵاتێكی گه‌شه‌سه‌ندوودا په‌یوه‌سته به‌وه‌ی پێشبڕكێ له‌گه‌ڵ ئه‌وانی دیدا بكات له پاراستنی زیاتری به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵک (نه‌ک ته‌نها ئه‌ندامانی حیزبه‌كه‌ی) . بۆیه‌حیزبی پێشڕه‌و له خۆگونجاندنێكی به‌رده‌وامدایه له‌گه‌ڵ خه‌ڵک له ڕێگه‌ی بینینی پێویستییه‌كانیان و جێبه‌جیكردنی ئه‌و پێویستییانه.

حیزبی پێشڕه‌و به‌هۆی پێوه‌ره گشتگره‌وه‌كانه‌وه ده‌بێته ئه‌و حیزبه‌ی له هه‌ڵبژاردندا ده‌نگی پێده‌درێت و ده‌بێت به فه‌رمانڕه‌وای ئه‌و وڵاته. كێبه‌ركێ له‌گه‌ڵ پارتێكی پێشڕه‌ودا له وڵاتێكی گه‌شه‌سه‌ندوو بۆ بردنه‌وه‌ی متمانه‌ی هاوڵاتیانه له ڕێگه‌ی دانانی به‌رنامه‌یه‌كی له هی ئه‌و پێشكه‌وتووتر، بۆیه هاوسه‌نگی له به‌رنامه و بیركردنه‌وه و ڕێبازی حیزبێكی پێشڕه‌ودا ده‌بێته پێویستییه‌كی ڕۆژانه و ڕه‌چاوكردنی دیتنه‌كانی چاوی سێیه‌م و ده‌سه‌ڵاتی چواره‌م جێگه‌ی بایه‌خیانه. ئه‌مه‌یه كه حیزبه‌كانی تری گۆڕه‌پانی سیاسی هه‌وڵی بۆ ده‌ده‌ن و له‌سه‌ر بناغه‌ی به‌رنامه‌یه‌كی ئاستبه‌رزتر له هی ئه‌و كار ده‌كه‌ن و پلان داده‌ڕێژن.

به‌رامبه‌ر ئه‌و كێبه‌ركێ سیاسییانه‌ش حیزبی پێشڕه‌و هه‌میشه له هه‌وڵی دۆزینه‌وه‌ی میتودی كاراتر و به‌رنامه‌ی پێشكه‌وتووتره تا به‌رده‌وام له پێشڕه‌وێتیدا بمێنێته‌وه. له‌م جۆره كێبه‌ركێ سیاسییه‌دا جگه له حیزبه‌كان خۆیان كه ڕۆژانه گه‌شه‌ده‌كه‌ن، كۆمه‌ڵگه‌ش بۆ پێشه‌وه شه‌پۆل ده‌دات و گۆڕانی پۆزه‌تیڤ و به‌ره‌و پێشه‌وه له سه‌ر ئاستی گشتی وڵات ڕووده‌دات كه هه‌موو چین و توێژه‌كانی كۆمه‌ڵگه ده‌گرێته‌وه و هه‌موو كه‌سێک به‌هره‌مه‌ند ده‌بێت پێی. حیزبی پێشڕه‌و له كۆمه‌ڵگه گه‌شه‌سه‌ندووه‌كاندا ئاینده‌بینیه‌كی پۆزه‌تیڤانه ده‌كاته دووربینی جیهانبینی خۆی، بۆیه جگه‌له سه‌رنجی ڕووناكبیرو ئه‌كادیمسته‌كانی كۆمه‌ڵگه به‌شی فراوان له هه‌موو چین و توێژه‌كانی تریش ده‌بنه هه‌وادار و ده‌نگپێده‌ری.

پرنسیپی "حیزب ئامرازه و كۆمه‌ڵگه ئامانج" به‌ڵگه‌نه‌ویستێكه نه‌ک ته‌نها له وتاردا به‌ڵكه له كرداردا پێویستی به پیاده‌كردنێكی ته‌واو هه‌یه. له وڵاتێكی گه‌شه‌سه‌ندوودا ئه‌و ئامرازه‌ی كه نه‌توانێ ئامانجی كۆمه‌ڵگه به‌دی بهێنێت، له كه‌ڵک ده‌خرێت و وه‌لاوه ده‌نرێت، هاوكات ئامرازێكی تر (حیزبێكی تر) جێی ده‌درێتێ و ده‌رفه‌تی ده‌درێت و ده‌خرێته تاقیكردنه‌وه‌وه و به‌كار ده‌هێنرێت. ئه‌مه‌ش له پراكتیكدا له

کاتی هەڵبژاردنەکاندا وەدەردەکەوێت، کاتێک کە ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بینییان ئەو حیزبەی لە چەند ساڵێکی پێشوودا دەنگیان بۆ دا و کردیان بە پێشرەوی خۆیان و جڵەوی خۆیان دایە دەستی، ئەو ئامرازە نەبوو کە ئامانجەکانیان بەدی بهێنێت، هۆشیارانە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگی بۆ نادەن و لە پێشرەوایەتی دەخەن. بۆیە ئەو حیزبانەش دەنگی خەڵکیان بەلاوە گرنگ دەبێت و نەک تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا بەڵکە لە هەموو کاتێکدا حسابی بۆ دەکەن. بە هەمان شێوەش ڕەچاوی تێبینی و ڕەخنە و کۆمێنتارەکانی چاوی سێیەم و دەسەڵاتی چوارەم دەکەن. ئەو حسابکردنەش بەوەدا دەبینێت کە هەمیشە و بەردەوام حیزبی پێشڕەو بایەخ بە مانەوەی خۆی لە پێشڕەوایەتی دەدات بەوەی پرۆگرامی خۆی دەوڵەمەندتر و هاوچەرخ بکات و پێویستییەکانی تەواوی هاوڵاتیان بە بێ هەڵاواردنی نێوان ڕەگەز و توخم و ڕەنگ و ئیتیکیان، لەبەرچاودەگرێت.
لە وڵاتی گەشەسەندوودا و لە لای کۆمەڵگەی هوشیار پێوەرە سیاسییەکان لەسەر بنچینەی لۆژیکی داڕێژراون و وەکو زانیاری ڕۆژانەش بە کۆمەڵگە دەدرێن. بۆیە هاوڵاتیش بە ئاسانی دەستی بەو زانیاریانە دەگات کە پێویستێتی بۆ ناسینی بەرنامەی حیزبێک و هەنگاوەکانی داهاتووی، بۆ ئەوەی خۆێ تەیار بکات و بۆ ئەوەی بزانێت بەرژەوەندی ئەو وەک تاکێکی بایەخداری نێو کۆمەڵگە لە بەرنامەی کام حیزبدا لەبەرچاو گیراوە، تا لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگی بۆ بدات.
هەڵوێست و هەڵبژاردن
بە گۆشەنیگایەکی بەراوردکارانەی نێوان دوو جۆر کۆمەڵگە
لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا پێوەری هەڵوێست و دەنگپێدان و دەنگپێنەدان و گۆڕینی متمانەی کەسێک لە حیزبێکەوە بۆ یەکێکی دی لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ هەڵبژاردنێکی دی، لەسەر بنچینەی ئەوەیە لەو کاتەدا بەرنامەی کام حیزب لە بەرژەوەندی ئەو گەلە یان ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیەیە بە گشتی و بێگومان تاکەکەسەکانیش بە تایبەتی، تا چەند بەرنامەی هاوچەرخیان هەیە و، تا چەند پێوەرەکانیان پێوەری لۆژیکین و هتد بۆ ئەوەی بە شایانی ئەوە بزانرێن ئەگەر جاری پێشووش دەنگیان بە حیزبی دیکە دابێت، ئەمجارە بەوی بدەن.
بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا دەنگدەر (تەنانەت ئەگەر ئەندامی حیزبەکەش نەبێ) دۆگمایەکی هەیە و تا ماوە دەنگ بە حیزبێک دەدات بێ ئەوەی بیر لە بەرنامەی حیزبەکە و ئایندەی خۆی و کۆمەڵگەکەی بکاتەوە، یانیش لەبەر خاتری کەسێکی خزم یان برادەرێ کە لەو حیزبەدا ئەندامە و لای ئەم خۆشەویستە، وە یانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هەڵمەتی ڕیکلامەی کە لەسەروەختی هەڵبژاردندا هەر یەک حیزبەکان بۆ خۆیانی دەکەن و دەست بۆ ئەو ماتریالانە دەبەن کە سۆزی جەماوەر دەبزوێنێت.
لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا هەڵوێست گۆڕین لە دەنگداندا، یانیش تەنانەت لە حیزبگۆڕکێدا نە نەنگە و نە شوورەییە و نە دەدرێ بە چاوی ئەو کەسەی لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی تر سەنگەر دەگوێزێتەوە، یان دەنگ و متمانەی خۆی لە حیزبێک دەستێنێتەوە و بە حیزبێکی دیکەی دەدات، چونکە ئەمە وەک مافێکی تەواو و ئازادی سروشتی و ڕەوای ئەو تاکەکەسە دەزانرێ و هیچ کەسێک بۆی نییە ئەو ماف و ئازادییەی لێ زەوت بکات. لەم جۆرە کۆمەڵگەیە کە سیستەمی ژیان و بیرکردنەوە تاکگەراییە و هۆشیاری سیاسی لە ئاستێکی بڵنددایە، بۆیە تاکەکەس تەنها خۆی بڕیاردەرە لەوەی هەڵوێستی چی دەبێت و، کەسی دیکە تەنانەت ئەگەر ئەندامی خێزانەکەشی بێت ئەو ئازادییە بەخۆی نادات لەسەر هەڵوێست و بڕیارەکانی لۆمەی بکات.
بەڵام هەر ئەم بابەتە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، کە کۆمەڵگەیەکی کۆگەراییە (کۆلێکتیڤ) ە، دەبێتە مەسەلەی شەرەف و نامووس و حەیا و ئابڕوو، تا ئەو ڕادەیەی نەک کەسانی ئەندامی خێزانەکەی، بەڵکە کەسێکی نەدی و نەناس خۆی بە خاوەنی دەزانێ و لەسەر هەڵوێست گۆڕین، یان دەنگدان و

دەنگنەدان و دەنگگۆڕین و حیزبگۆڕین نەک لۆمەی دەکات، بەڵکە ئازادی بەخۆی دەدات سووکایەتیشی پێبکات. ئەم دۆخانەش بەهۆی هەژاریی کلتووری و هەژاری هوشیاری کۆمەڵگە و هەژاریی یاساییەوەیە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانەوەکاندا، کە بە شێوەیەکی تەواو کاریگەری لەسەر ڕا و بۆچوونی یەکتر دادەنێن و، هیچ کەسێ خۆی نییە و، هەموو کەسێ لەناو یەکتریدا و بە چاوی ئەویتر خۆی دەبینێت. لە کۆمەڵگەی کۆلێکتیڤ دا بەهۆی ئەوەوەی کە خێڵ و عێڵ سەنتەرە و تاک لە پەراوێزە، بۆیە دڵنیایی تاک ئەو کاتە دابین دەبێت کە وەک ئەوانیتر بیر بکاتەوە و هەمووانیش شوێنی کەسێک بکەون، بۆ ئەوەی لە هێزی خێڵ کە پارێزەریانە، دانەبڕێن. بۆیە هەڵوێست لە کۆمەڵگەی وادا پێشوەخت بۆ تاک بڕیاربۆدراوە و وەک چارەنووس بۆی نووسراوە لە لایەن گەورەکانەوە. کاریزمای گەورەیی لە کۆمەڵگەی وادا نەبەستراوەتەوە بە کەسایەتی و ئاکار و کارمای کەسەکەوە بەڵکە بەستراوە بەکۆی هێزی بازوو، یان ژمارەی پیاوگەلی دەوری. گیرۆدەیی بەم پێوەرە وە لە کۆمەڵگەی نەریتیدا تەنانەت لە هۆشی ناوەکی چینی خوێندەوار و بڕێکی زۆری ڕووناکبیرانیشدا هەیە. کەسانی یاخی و گوێنەدەر بەو پێوەرانە دەبنە ئاماجی گەمارۆ و فشاری زۆربەی سەردانەوێنەر بۆ پێوەری باو. ئەم دۆخە ئەندێشەیەکی ڕاستەقینە بۆ کەسانی ڕووناکبیری یاخی لەو پێوەرانە، یان بە زاراوەیەکی تر ڕووناکبیرانی مۆدێرن دەخوڵقێنێ، چونکە شێوازی گەلەکۆمە و هەراسانکردنی دەروونی و گەمارۆی مەعنەوی خەسڵەتێکی زەقی کلتووری سیاسی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانە و کارایە.
لە کۆمەڵگەی وادا کە دەنگدەر بەرنامەی حیزب هەڵنەسەنگێنێت و دەنگی بۆ بدات، هەڵوێستی دۆگمای لایەنگران وەک گەرەنتییەک وا دەبێت بۆ حیزب و حیزبیش بیر لە گۆڕان ناکاتەوە و لە ئاکامدا کۆمەڵگەش سست و سستتر دەبێت و لە قۆناغی دواکەوتوویدا دەمێنێتەوە.
هۆشیاری هاوڵاتی گرنگە بۆ ئەوەی حیزبەکان بخاتە نێو هەڵوێستەیەک کە ئەگەر ویستیشیان نەبێت بۆ خۆسازدانەوە و هەنگاونان، فشاری پۆزەتیڤی هەڵوێستوەرگران و دەنگدەران ناچاری خۆگۆڕینیان بکات.
ڕووناکبیرانی کۆمەڵگەی وا دەشێ پێشڕەوایەتی ئەو خەڵکە بن لە ڕووناککردنەوەی بیریان بۆ ئەوەی چیتر دۆگمایان نەبێت لە هەڵوێست وەرگرتن و دەنگداندا. ئەگەر کۆمەڵگە لە دۆگمایەتی دەنگدان و هەڵوێستیدا گۆڕانی بەسەر هات، ئەو دەم هیچ حیزبێک بە بێ هەبوونی بەرنامەیەکی هەرەپێشکەوتووی هاوچەرخ ناتوانێ فەرمانڕەوا بێت، هەر لەبەر ئەم خاڵەش حیزب نەک ساڵانە بەڵکە ڕۆژانە بیر لە کاژفرێدان و خۆگۆڕین و گۆڕانی کۆمەڵگە دەکاتەوە.
لە دۆخی ئاماژەپێکراودا پەیوەندی نێوان حیزب و دەنگدەر دەبێتە پەیوەندییەکی تەندروست و یەک ئەویتر دەخوێنێتەوە و سەردەخات و تواناکانی یەکتری گەشەپێدەدەن. دەنگدەران تەنها ئەندامانی حیزبەکان نیین، بۆیە بازنەی بایەخی حیزب داخراو و خۆیی نابێت و پێوەرەکانی گشتگرەوە دەبێت لە کاتی دابەشکردنی دەستکەوت و سامان و کار و بەرهەم و بەهرەکانی وڵات، هەمووان لەبەرچاو دەگیرێن.
لە پرۆسەی گۆڕانێکی سیاسیدا، دەستێوەردانی سیستەمی بیرکردنەوەی کلاسیک و کۆنسێرڤاتیڤ و پێشخستن و چەسپاندنی ئەڵتەرناتیڤێکی مۆدێرن کە سیستەمی بیرکردنەوەی نوێ و ئایندەخوازە، پێویستە و نەک تەنها لە نێو حیزبدا، بەڵکە لە نێو هەر چوار دەسەڵاتەکەی تریش.
...
ستۆکهۆڵم- تالین-هەولێر
5-16/7/2006
تێبینیەکان:
1. مافی لەبەرگرتنەوە، وەرگرن و بەکارهێنانی ئەم بابەتە و هەموو بابەتەکانی نووسەر، بۆ نووسەر پارێزراوە.

2. هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن کە مەیلی لە دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە، یان هەر بابەتێکی نووسەرە، تکایە بەو ئی مەیلە پەیوەندی بکات و مۆڵەت بخوازێت.
3. هەر نووسەر، ڕۆژنامەنووس یان لێکۆڵەرێک پێویستی بە وەرگرتنی بەشێک لەم نووسینە، یان هەر نووسینێکی دیکەی نووسەرە تکایە یان پەیوەندی بگرێت و مۆڵەت وەربگرێت، یان بە پێی نەریتی زانستی ئاماژە بە سەرچاوەکەی و نووسەرەکەی بدات.
لەگەڵ ڕێزی زۆر

qmahabad@hotmail. com